# مەسئولەکان گوناحن

بەختیار شاخی
bshakhy@hotmail.com

لە ژمارەی رۆژی چوار شەممەی رابردووی رۆژنامەی (هەولێر پۆست)دا هەواڵێک لەسەر دەستگیرکردنی بەرپرسی لیژنەی باڵای ئاوارەکان بڵاو کرایەوە کە لەلایەن وەزارەتی مرۆڤایەتی و هاوکارییەوە بەهۆی دیارنەمانی سەدان بەرمیل نەوتی ئاوارەکانەوە دراوەتە دادگا. ئەو هەواڵە بەجۆرێک دەنگی دایەوە کە وەک رۆژنامەفرۆشەکان گوتیان تا نیوەڕۆ یەک دانە لە رۆژنامەکە لە بازاڕدا نەما، ئەوەش ئەگەر مانایەکی هەبێت ئەوەیە کە خەڵک زۆر تامەزرۆی بنبڕ کردنی گەندەڵییە، چونکە هەستی پێدەکەن، وێڕای ئەوەی بەرپرسان پاساوی بۆ دەهێننەوە و دەڵێن " لێەو ئاستەدا نییە"، خەڵک پێیوایە گەندەڵی هەیە و کەم و زۆرییەکەشی گرنگ نییە و شیاوی پاساو بۆ هێنانەوەش نییە، گرنگ کار کردنە بۆ بنبڕکردنی. من وەک خۆم زۆر شانازیی بەوەوە ناکەم کە ئەو هەواڵەمان بڵاوکردۆتەوە و بە "شەقولقەمەر"ی دانانێم، چونکە ئەگەر ئەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵ بەرپرسی لیژنەی باڵای ئاوارەکان راستیش بن و بەبەڵگەوە بسەلمێنرێن، ئەوەندە گرنگ نابێت ئەگەر شەریک و پشت و پەناکانیشی راکێشی لیپرسینەوە نەکرێن، بێ لەوەش ئەوەی ئەو کۆی کردبێتەوە ناگاتە بەشی رۆژێکی ئەوەی بەرپرسێکی گەورە پێی دەڵێ "دەستکەوت"، ئەوەش بەرگریی نییە لە رەسوڵ "بەرپرسی لیژنەی باڵای ئاوارەکان" بەڵکو بۆ ئەوەیە بڵێم سیستەمی ئیداریی ئێمە دەرفەتی ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانەی تێدایە و پێویستە "چاودێریی دارایی" لە تابڵۆیەکی بێ گیانەوە بکرێتە دەزگایەکی چاو کراوە و وریا، ئەگەر "لیژنەی دەستپاکی"یش دانرا پێویستە خەڵکی دەستپاک لەو لیژنەیە بن.

ئەو بەرپرسانەی کە پێیانوایە خەڵک و میدیاکان لە باسکردنی گەندەڵیدا زێدەڕۆیی دەکەن ئەوە واباشە ئەوە رەچاوبکەن کە فارس گوتەنی " ئەوەی ئەمڕۆ هێلکەیەک بدزێ سبەینی وشتر دەدزێ"، کەواتە ئەگەر قسەکەی ئەوانیش قبوڵ بکەین و بڵێین گەندەڵی لە کوردستاندا کەمە، ئەوا با زووتر و تا گەندەڵییەکە کەمە بنبڕی بکەین، چونکە کە زۆر بوو چارەسەرکردنی دەبێتە مەحاڵ. زۆرم بەلاوە سەیرە کە بەرپرسێک دێتە سەر شاشەی TV و پاساو بۆ گەندەڵی دێنێتەوە و پێیوایە خەڵک مەسەلەکە گەورە دەکات، ئایا بە راستی لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەسەر ئەو "قسە و قسەلۆکانە" کراوە و بە حیساباتی هیچ دەزگا و بەرپرسێکدا چوونەتەوە؟ ئەگەر نا کەواتە ئێمە خۆمان لە چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە دەدزینەوە، ئەوەش بەقەدەر "قسە و قسەلۆکەکان" زیانی بۆ ناوبانگی ئیدارەی کوردستان دەبێت، چونکە کاتێک

خەڵک بە داهاتێکی کەمەوە ناچار بێت هەموو شتێک بە گرانی بکڕێت و ڕۆژانەش گوێی لە مەبلەغی گەورەی سەدان ملیۆن دۆلاری بێت، دەبێ گلەیی ئەوەی لێ نەکرێت قورِ بپێوێ و هاواری لێ هەستێ، لەو "قسە و قسە لۆکانەش"دا خراپییەک هەیە کە تەڕ و وشک پێکەوە دەسووتێنێ و بەرپرسی زۆر دڵسۆز و پاکیش هەن کە بە ئاگری ئەم و ئەوەوە دەسووتێن، گەندەڵییش تەنها کۆکردنەوەی "دەستکەوت" نییە و رایی نەکردنی مامەڵەی هاوولاتیان و ئەو رۆتینە کوشندەیەی لە فەرمانگەکاندا هەیە بۆ دڵشکاندنی خەڵک زۆر خراپە، بۆیە نە باس نەکردنی ئەو دیاردەیە کێشەکان چارەسەر دەکات و نە "قسە و قسەلۆک"یش خزمەتە، لێرەوە تکام لە خەڵک وایە چیدیکە باسی گەندەڵی نەکەن، ئاخر مەسئولەکانمان گوناحن و نەک هەر خۆیان بەڵکو میللەتێک بەخێو دەکەن و بەو گرانییەش ژیان زۆر زەحمەت بووە!